# گەرمەشینی مرۆڤی لاڵ

## (بەشێک لە درامای ئەنفاڵ)

**ئەنوەر موحەمەد ئەحمەد**

ئەنفاڵ ، ئەنفاڵ ، گەلۆ ئەنفاڵ
دایک و باب ، منداڵ ئەنفاڵ
بۆمبی ئەنفاڵ تەقییەوە و بووە هەزاران جار ئەنفاڵ
گاو و گۆلک، مەڕ و بزن، مریشک و کەڵەشێر و جوجک و کولانە ئەنفاڵ
توتک و سەگ و دێڵەسەگ ، تانجی و پشیلە و مشک ئەنفاڵ
خەلە و خەرمان ، چەپەر، پەرژین ، سەوزە و میوە و پێخۆر ئەنفاڵ
ئاوی کانی ، بیر و جۆگە و ڕووبار و شیو و دۆڵ ئەنفاڵ
جل و بەرگ ، سەرپۆش و مشکی و جامانە و هەوری ئەنفاڵ
عابای ڕەشی ئیسلامیانە و پێڵا و وسۆڵە و سەرپێی و کڵاش ئەنفاڵ
بوکەشووشە ، ڕەوڕەوە و پاپوچ ، پاوانە ، حەتحەتۆکەی دوگلە ئەنفاڵ
جۆلانە ، بێشکەو گوریسی دیلانێ و مالباجێنەی زارۆ ئەنفاڵ
سکی پڕی دایکان و منداڵی هێشتا لەدایک نەبوو ئەنفاڵ
هەیڕۆ ئەنفاڵ
خەڵکە ئەنفاڵ
ژیان ئەنفاڵ
قورئان و بەرماڵ و مسواک ، تەزبیحی تەهلیلە ئەنفاڵ
کەل و پەلی نێو ماڵان و
خشڵ و زێڕ و زیو و پارە ،
پریاسکەی دایە و باپیرە و پورێ ئەنفاڵ
لە حەوشەوبان ، لە ئەشکەوت و حەشارگەو یاخو لە چاڵا
ئەنفاڵی چاو سووری مرۆڤ خۆر ، دەگەڕا بە حەوشەو ماڵا
بە کوڵان و بە دەشت و کێو و قەدپاڵا
هەژدیها ئەنفاڵچییەکان ، تەنیا مرۆڤخۆر نەبوون و بەس !
خشڵ و زێڕو سەعات و هەڵقەی پەنجەیان دادەکرماند
وەکو چەرەس !
ساڵی ئەنفاڵ ، وەکو ساڵی کوللەباران، ئەشکەنجە و خوێنی دەباران
ئەنفاڵ دومبەڵی پڕ کێم بوو ، هەر زل دەبوو و هەڵدەئاوسا
نوکی دەرزی ڕق و قینی ئەنفاڵچیان ، تەقاندیەوە و
بە سەر هەڵەبجە دا پژا

**هـێـڵـنجدان و ڕشانەوەی بۆگەناوی، ناخی هەزارانی وەکو**
**(عەلە حەسەن ئەلمەجید ) و ( سەدام حوسێن تکریتی ) بوو**
**بە سەر هــەڵــەبــجــەدا ڕژا**

**ئەرێ گــەلــۆ**
**بێژن ئەنگــۆ:**
**باڵای سووری تراژیدیای هەڵەبجشیما زرافترە ، یاخود ئەنفاڵ ؟!**
**شــەهــید بوونی هــەڵــەبــجــە شەرمی مێژووە ، یاخود ئەنفاڵ ؟!**
**خۆ دەبوورێ هەڵەبجە لێم ؛ ئەگەر بڵێم :**
**گەر لە باختا ، دە هەزار خەڵف و نەمام بوو**
**لە دارستانی گڕگرتووی سووری ئــەنــفــاڵ**
**زیاد لە بیست هێندەی باوەشی ،**
**دایکانەی بەسۆزی تۆ ، خەڵف و نەمام و پیرەدار بە سووتان چوو!**
**ئەگەر بڵێم ؛ سیروان گۆمی سووری خوێنی ، لەبەرڕۆیشتووی تۆیە**
**ئەوا ئەنفاڵ ، بەقەد ژانی دایکانی کۆرپەی شەهید**
**ئازار و ئەشکەنجە و ســوێــیە**
**تــرسی ئــەنــفاڵ ، هەزاران جار سامناکترە**
**ژەهری ئەنــفاڵ ، هەزاران جاریش تــاڵتــرە**
**شەوی ئــەنــفاڵ، هەزاران جار تاریــکــتــرە**
**شەوەزەنگ لە چاو ئەنــفاڵا**
**تیشکی ڕۆژە و بە سەر یــاڵا !**
**ئاخ و ئۆفی ، گوللەبارانکراوانی ، شەوی ئەنفاڵ ، ڕۆژی ئەنفاڵ**
**هەزاران جــار بــڵــندترە**
**خەمبارتر و جەرگبڕترە**
**قیژە و زیڕە و پاڕانەوەی زەلیلانی**
**ناو ( زیل و ئیڤا ) ی سەربازی پڕی ئــەنــفــاڵ**
**بۆ ئۆردوگای مەرگ و کوشتن ، زیندەبەچاڵ**
**بەرەو لێواری خەندەقی بۆ هەمیشە لە خوێن گەوزان**
**لە ئازار و گینگڵدان و مــەرگ ئاڵان**
**کــۆڕاڵـــە ، کــۆڕاڵــە ، کــۆڕاڵ ، کــۆڕاڵێکە**
**گوێی مرۆی سەدەی بیست و یەک ، نایبیستێ و**
**لە حاستیدا ، گشت کەڕن و لاڵ !**

**خۆ دەبوورێ هەڵەبجە لێم ، ئەگەر بڵێم :**
**هــەڵەبجە گۆماوی خوێن بوو، ئەنفاڵ دەریا**

هەڵەبجەی دە هەزار شەهید ، خەڵکەی ئەنــفاڵ
لە گــۆڕی بە کــۆمەڵیاندا ، مــردوی تەنــیــا
بریندار و ونبووی تەنــیــا ، زیندووی تەنیــا
تەنیا ، تەنیا ، وەکو تەنیایــی خۆی تەنــیــا
هەیڕۆ خەڵکە ، هەیڕۆ دنــیــا
هەڵەبجە بووە هەڵەبجشیمــا
بەڵام ئەنفاڵ ، چاڵی بێبن وفروان ، بەقەد دنیا
تەرمی شەهیدانی ئەنفاڵ ، لە دەشتی کاکی بە کاکی
سارد و سڕ و پــڕ لە سەگی مرۆڤخۆردا
نیوە کوژراو نیوە زیندو ،خرانە چــاڵ
تەرمی منداڵانی کوردی ، دەم بە هــاوار
کە سنگی ئاسمانی ڕەشیان دەکرد شەقار
بوونە خۆراکی کەمــتیار و سەگانی هــار

کێ گوێ بۆ هاوار و ناڵەم ڕادەدێرێ
کێ دەتوانێ قوربانیانی
ئەنفاڵی شووم و خوێناویم بۆ ببژێرێ؟!
هەیڕۆ خەڵکە
هەیڕۆ دنــیــا
هەڵەبجە بووە هەڵەبجشیما
بەڵام ئەنفاڵ
چاڵی بێبن و فراوان بە قەد دنــیــا
لە هەڵەبجەی گۆماوی خوێن ، پاش ژەهری مەرگ
منداڵی کوژراو لە دایکان بۆ گڵکۆ جویێدەکرانەوە
بەڵام ئەهریمەنی ئەنفاڵ، منداڵی ساوای لە باوەش
دایــک و بــاب و خوشــک وبــرا وخــزمان دەفــڕاند
ئەنفاڵ دڕکەزاری مەرگ ولە دوای پێکاندا ڕای دەکرد
ئەنفاڵچیان و سەگەکانی ئەو سەحرایە
منداڵیان لەت و پەت دەکرد
زیقە و قیژە و زیڕەی منداڵ
ئاوازی گەرمەشینێک بــوو
گــەرمــەشــینی مرۆڤی لاڵ
هەڵەبجشیما بە ژاری مەرگ
ئافرەتانی داوێنپاکی باوەشی خۆی
لە دەستدرێژی دەرقورتاند

بەڵام سیمرخانی وەحشی ئەنفاڵچیان
پەردەی کچێنی هەزاران کچیان دڕانـد
ئافرەتیان بۆ دەستدرێژی
بەرەو سەدان مۆڵگەی وەکو( عەرعەر) فڕاند

هـەیـڕۆ ئـەنـفـاڵ
خەڵـکـە ئـەنـفـاڵ
ژیـان ئــەنــفـاڵ
ئەنفاڵ ئەژدیهای ڤینێکی زۆر برسی بوو
بە جل و بەرگ و خشڵەوە
مرۆڤی کوردی دادەکرۆشت
ئەنفاڵ جەڵەبفرۆشێک بوو
منداڵی کوردی وەک بەرخ
بە هاوزمانانی دەفرۆشت
ئەنفاڵ بە قاقای سادیستی (سەدام) یانە
گوێی بیستەرانی کەڕ دەکرد
گاڵتەی بە کوشتن و ئەشکەنجەی مۆڵگاکانی
جەنگی جیهانی دووەمی ، ( ئاوسشفیس) و ( بوخن واڵت ) و
( تریبلینکا ) و ( ڤیلنا ) ی نازییەکان دەکرد

هەیڕۆ گەلۆ
بگێڕن گەرمەشین ئەنگۆ
نەک هەر خۆمان دەستەپاچەین
لە بەرامبەر تراژیدیای شوومی ئەنفاڵ
زمانی نێونەتەوەییش لە حاستیدا، بێدەنگن و لاڵ
هەیڕۆ گەلۆ
هەیڕۆ دنیا
هەڵەبجە بووە هەڵەبجشیما و بەڵام ئەنفاڵ
چاڵی بێبن و فراوان ، چاڵێکی مەرگ ، بەقەد دنـیـــا